# سیاسەتی ناراستەوخوی UNHCR بو گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی

## سیاسەتیکی دژی پەنابەرییەو دەبی بە رووید بوەستینەوە!!

ماوەی سالیك زیاترە بە بیانووی رووخانی سەدامەوە، UNHCR و وولاتەکان کەیسی پەنابەرانی عیراقیان راگرتووە و فشار دەهینن بو پەنابەران کە بگەرینەوە بو عیراق!!. ئەمە لە کاتیکدایە کە عیراق هیچ جورە ئارامی و ئاسایشیکی تیدا نییە. هاوکات لەگەل وولاتانی ئەوروپاییدا UNHCR یش بو پیادەکرن و بردنە پیشەوەی ئەم سیاسەتە، ماوەیەکە بە شیوەی جوراوجور ، ئەم پروژەیەیی خوی دەدات بە گویی پەنابەراندا. تا لە روژی 2004/4/20،21 دا لیژنەیەکی UNHCR ی ئەنقەرە بە رەسمی لە شاری کونیا و قەیسەری ئەم پروژەیەیان باسکرد. روژی 4/21 ئەم لیژنەیە کە پیکهاتبوون لە (مایا ،اسلی،میران) لە گەل نوینەری پەنابەران(امل عوسمان ، هیوا احمد) لە شاری قەیسەری کوبوونەوە. لە کوبوونەوەکەدا باسی ئەوەیان کرد کە ئەوان سەبارەت بە مەسەلەی گەرانەوەی پەنابەران هاتوون. ئەوانەی دەیانەوی بگەرینەوە تا ئیمە ئاسانکاریان بو بکەین لە کریی سەیارەو کاروباری پولیس. هەروەها رایانگەیاند کە یسی عیراقی هەر وەکو خوی تا ئیستا وەستاوە و هیچ ئالوگوریك لەو بارەیەوە لە لایەن UNHCR ی جنیفەوە بو ئیمە نەهاتووە، ئەوانەشی کە قبولکراون بە زەحمەت وولاتەکان وەریان دەگرن، دیپورتکردنەوەی پەنابەرانیش تا ئیستا هەر وەستاوە و کەس دیپورت ناکریتەوە، وە ووتیان ئیمە کەس بو گەرانەوە هاننادەین و ئەم پروژەیەش بو داهاتووە ، هەر کاتیك عیرا ق لە لایەن ناوەندە نیودەولەتییەکانەوە دانی پیدا نراکە وولاتیکی ئارام و ئاسایشە ئەو کاتە ئەم پروژەیە با تەواوی کاری پیدەکریت و ئەو کاتەش هەر بو ئەوانەیە کە بە وویستی خویان دەگەرینەوە. دواتر نوینەراکان لەسەر ئەم قسانەی ئەوان قسەیان کرد ، ووتیان ئیمە نارەزایەتی خومان و پەنابەرانتان پی رادەگەیەنین و یاداشتیکی نارەزایەتی کە لە دژی ئەم سیاسەتە پەنابەران ئیمزایان کردبوو درایە دەستیان و پییان ووترا کا پەنابەران بەهیچ شیوەیەك ئامادەنین بگەرینەوە بو ولاتی کوشتوکوشتار.وە لەسەر مەسەلەکانی تریش قسەوباسی زور کرا لەبەرامبەر بریارەکانی ئەم دەزگایەدا نارەزایەتی دەربردرا و داواکرا کە کەیسی پەنابەرانی عیراقی بکریتەوە و سەفەریان پی بکریت و لەم وەزعە سەختە رزگاریان بکەن، وە کوبوونەوەکە دوو سەعات و نیوی خایاند و کوبوونەوەکە بەبی هیچ ئەنجامیك کوتایی هات.

ئەم هەنگاوەی UNHCR یەکیکی ترە لە سیاسەتە دژی پەنابەریەکانی ،کە بە شیوەیەکی ناراستەوخو و بەشیوەیەك کە هیچ بەرپرسیاریەتییەك نەیەتە سەر شانی ئەم دەزگایە، لە هەولی ئەوەدایە کە لە پال وولاتانی ئەوروپاییدا ئەمیش پەنابەرانی عیراقی بگیریتەوە بو عیراقیك کە دوزەخیك تیایدا داخراوە بو خەلکەکەی و هیچ زەمانەتیکیشیان ناکات و پییان دەلیت بە ویستی خوتان دەگەرینەوە و خوتان لە خوتان و خیزانەکانتان بەرپرسن.

ئەمرو UNHCR لە بەرامبەر پەنابەرانی عیراقیدا سیاسەتیکی ناکوك و دوو لایەنە پیادە دەکات . لە لایەکەوە لەسەر وەزعی عیراق دەلی هیشتا عیراق هیچ جورە ئارامی و ئاسایشیکی تیدا نییە و هەر بەرەو خراپیش دەچیت، هەر لەبەر ئەمەش ئاگاداری و هوشداری دەدات بە وولاتانی ئەورووپی کە پەنابەرانی عیراقی نەگیرنەوە ، بەلام لەم لاوە کەیسی پەنابەرانی عیراقی بو ماوەی یەك سال زیاترە راگرتووە و خەریکە با ناراستەوخویی پەنابەران بگیریتەوە . وە لەراستیشدا ناچار باگارانەوەیان دەکات چونکە پەنابەران ژیانیان لەوپەری خراپیدایە و هەموو ریگایەکیان بو رزگاربوون لەم وەزعە لیداخراوە و UNHCR یش تەنها ریگای گەرانەوەیان نیشان دەدات.

بویە ئیمە وەك فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی لە تورکیا ، سیاسەتی گەرانەوەی پەنابەرانی عیراقی کە لە لایەن UNHCR وە هەنگاوی بو دەنریت بە هەنگاویکی دژی پەنابەریوبە پیشیلکردنی مافی پەنابەری و ئازادی نیشتەجیبوونی دەزانین.هەروەهانارەزایەتی توندی خومانلە بەرامبەر ئەم سیاسەتە ناکوك و دوو لایەنەیی ئەم دەزگایە دەردەبرین. لە هەمان کاتدا داوا دەکەین کە کوتایی بەم جورە سیاسەت و مامەلەیە لەگەل پەنابەرانی عیراقیدا بهینیت و هەر بە لەبەرچاوگرتنی وەزعی خراپی ئیستای عیراق بە خیرایی کەیسی پەنابەرانی عیراقی بکاتەوە و مافی پەنابەرییان پی بدات. هەروەها سیناریویەکی رەش کە خەلکی عیراقی تی کەوتووە و وەزعی پر لە کارەساتی پەنابەرانی عیراقی وەك واقعیەتیکی تال و پر لە مەترسی بخاتە روو و فشار بخاتە سەر وولاتانی ئەورووپی بو ناچارکردنیان بە هەلوەشاندنەوەی هەموو ئەو بریارانەی کە لەدژی پەنابەرانی عیراقی دەریان کردووە.

هەر لیرەشەوە داوا لە سەرجەم حیزب و ریکخراو ولایەنەکان و کەسایەتییەکان دەکەین کە لە بەرامبەر ئەم سیاسەتانەدا نارەزایەتی خویان دەرببرن و هەروەها لەگەلماندا دریژە بەو کەمپینە بدەن کە لە دژی سیاسەتی راگرتنی کەیسی پەنابەرانی عیراقی لە لایەن UNHCR وە بەریمان خستووە و هەر دریژەی هەیە.

هیوا احمد

سکرتیری فیدراسیونی پەنابەرانی عیراقی/ تورکیا

**2004/4/26**

تیبینی: دەتوانن نامە و فاکسە نارەزایەتییەکانتان بنیر نبو ئەم ئەدرەسانە:


UNHCR ADDRESS

Geneva Office:email: Hqpr00@Unhcr.Ch, webmaster@unhcr.ch, hqeaol@unhcr.ch ,FAX:004122 7397353

Ankara Office: email: corabati@unhcr.ch, turan@unhcr.ch ,FAX: 00903124412173 , 00903124411738

TEL:00903124411483 , 00903124411696

IRIN-Asia: email: IrinAsia@irin.org.pk ,FAX: 0092512211451, TEL: 0092512292918